
## نەورۆز .... مەنسوور عەزیزي



لە مێژووی رۆژهە ڵاتی نێوە ڕاستدا زۆرن ئە و بۆنانە ی کە هە ر کام لە گە لانی ئە م ناوچە یە مۆرکی خاوە نایە تییان لە سە ریان هە یە و بە شانازییە وە لە کات و ساتی تایبە ت بە و بۆنانە، یادیان لێدە کە نە وە و پێش لە لە نێو چوون و لە بیر چوونە وە یان دە گرن. لە هە مان کاتدا دە توانین بلێین کە رۆژهە ڵاتی نێوە راست نازکترین و نائارامترین و دە و ڵە مە ندترین دە ڤە ر ە لە سە ر گۆی زە وی و ئە م فرە کولتوری و فرە ئایینی و فرە نە تە وە ییە وای کردووە کە ئە م مە ڵبە ندە هە ر دە م گۆڕە پانی کێشە بێت و نە تە وە یە ك لە پێناو لە نێو نە چوونی چوارچێوە ی مێژوویی و سیاسی و فە رهە نگی خۆی ملی لە ملی بە ر بە رە کانی ناوە و نە تە وە یە کی دیکە لە بیری داگیرکردنی بێهێزە کە ی تە نیشتی بووە وویستوویە تی یاسای جە نگە ڵ ببا بە رێوە. بە واتایە کی دیکە ئە و نە تە تە وە بە هێزترە، پێی وا بووە کە نە تە وە ی زۆردار دە بێ نە تە وە بێهێزە کە ی تە نیشتی، بێ هێز و دیلتر بکاو تا ئە و جێیە ی کە دە گونجێ رە فتاری جینووسایدی بە دژ بە کار بێنێ. وە ك لای هە مووان روونە دانیشتوانی رۆژهە ڵاتی نێوە راست پێکدێن لە ئا رياییە کان و توورك و عە رە بە بە رە گە ز سامییە کان. لە نێو ئە م گە لانە دا ئە و گە لانە ی کە بۆنە یە کیان بە ناو نە ورۆز هە یە، پێکدێن لە ئارییە کان کە بریتین لە کوردە کان و باقی گە لانی فارس زمان و. . . .

نژادی ئاری خاوە ن بۆنە یە کی تایبە تن بە ناوی نە ورۆز، واتە رۆژی نوێ. لە گە ڵ رۆژی نوێدا، یە کە م لە رووی نوێ بوونە وە ی سروشتدا، ژیان لە روانە وە و بوژانە وە دا پێ دە نێتە قۆناخێکی نوێ و ئاڵ و گۆڕێکی تە واو بە سە ر ئاو وهە وادا دێت و خۆرە ی بە فراو و چریکە ی بولبول بۆ گوڵ و چرۆ دانی درە خت و رێژنە و خرمە خرمی بارینی باران هە واڵی هاتنی ئە م نوێبوونە وە یە دە دە ن. لە بواری ئابووریشە وە هرزێکی نوێی زیاتر بزووتن لە ژیانی هە ر تاکێکدا دە ست پێ دە کاو بازارە کان گە رمتر و کێبە رکێی ئابوری زۆر بە روونی سە رنجی هە ر تاکێك رادە کێشێ. لە بواری کولتووری و سیاسیشە وە لە لای هە ریە ك لە نە تە وە ئارییە کان باسە کان جیاوازن. بە تایبە ت گە لی کورد و گە لی فارس، هە رکامە یان لە روانگە یە کی تایبە تە وە ئە م باسە هە ڵدە سە نگێنێ. کوردە کان وا بیر دە کە نە وە کە بە رووخان و لە نێو چوونی دە سە ڵاتێکی دیکتاتۆری ئە و کاتە، کە زۆر جار بە ئە فسانە دادە نرێ، بە دە ستی کاوە ی ئاسنگە ر، کۆمە ڵگایە ك لە دیکتاتۆری نە جاتی دە بێت و دە سە ڵات دە گە رێتە وە بۆ گە ل و شۆڕشێك سە ر دە گرێ و ئە م گە لە ش کە ئە م شۆڕشە ی کردووە، باب و باپیر ی کوردە کانی ئە مرۆ بوونە و لە و کاتە وە تا ئە ورۆ هە موو ساڵێك کوردە کان لە هە رکوێی جیهاندا کە ژیابن بە کردنە وە ی ئاگر کە هێمای سە رکە وتنی ئە و دە م بووە، ئە م رۆژە یان پیرۆز کردووە و لە سە ردە می ئە مرۆشدا بە شێوە یە کی بە رفراوانتر یادی لێ دە کە نە وە. لە بیری هە ر تاکێکی کوردا، نە ورۆز هێمای شۆڕش و سە ر هە ڵدانە. هێمای بە بە رە کانی لە پێناو گە یشتن بە داواکانە. نە وورۆز جگە لە وە ی کە نوێ بوونە وە ی ساڵە، نوێ بوونە وە ی تێکۆشانی نوێشە. بە ڵام لە روانگە ی فارسە کانە وە لە وانە یە تە نیا بایە خ بە نوێ بوونە وە ی سروشت بدە ن. هۆی ئە مە ش لە وانە یە بگە ڕێتە وە بۆ ئە وە ی کە فارسە کان سە ر بە ستن و تازە پێویستییان بە وە نە بێت کە هاتنی نە ورۆز گرێ بدە نە وە بە شۆڕش و سە رهە ڵدان. لە وانە یە لە رێی میدیاکانیشیانە وە، تە نیا بۆ جارێکیش ئامادە نە بن کە ناوی کاوە و ناوی کورد بێنن. ئە مە ش خۆی لە خۆیدائاماژە یە کە بۆ سڕینە وە ی سە رهە ڵدانی کاوە، کە ئە ورۆ گە لی کورد وە ك هێمای تێکۆشان لێی دە ڕوانن. هە ندێك خاڵ هە ن کە جیاوازی خاوانایە تی ئە م رۆژە لە نێوان کورد و فارسدا دیاری دە کە ن. پاش رووخانی دە سە ڵاتی مادە کان، تا ئە ورۆ گە لی کورد خاوە ن دە سە ڵات و کیانی سە ربە خۆی خۆی نە بووە. هە ربۆیە دە توانین بلێین کە کورد خۆی لە سە ر مێژووی خۆی نە ینووسیوە. بە ڵام وێڕای ئە وە ش گە لانی دیکە ی دە سە ڵاتدار نە یانتوانیوە کە خاوە نایە تی ئە م رۆژە لە کوردە کان بستێننە وە و کارێك بکە ن کە ئە مرۆژە لە مێژووی ئە م گە لە دا بسرێتە وە. ئە مە ش ئە وە دە گە یە نێ کە کوردە کان تە نانە ت کاتێك کە لە چیاکانیشدا ژیانیان بە سە ر بردووە، بە کردنە وە ی ئاگر لە سە ر دووند و چیاکانی کوردستان نواندوویانە، جارێکی دیکە وە ك کاوە شۆڕش دە کە ن و سە ر بۆ هیچ دە سە ڵاتدارییە ك نانوێنن. ئە م رە وتە ی کوردە کان لە م سە ردە مە شدا هە روا بە ردە وامە و ئە ورۆکە ئە وان زیاتر سوورترن لە بە رز راگرتنی بۆنە ی نە ورۆز و تە نانە ت وایان کردووە کە دە سە ڵاتدارانی توورکییە کە سە ردە مێك گاڵتە یان بە نە ورۆز دە هات وکوردە کانیان بە تورکی کێوی نێو دە برد، ئە ورۆ بیر لە وە بکە نە وە کە هە وڵ بدە ن نە ورۆز وە ك رۆژێکی پیرۆزی مێژووی خۆیان چاو لێکە ن و هە وڵ بدە ن بۆ سڕینە وە ی ئە م بۆنە یە لە رێی گرێدانییە وە بە مێژووی خۆیان کە دیارە سە ر نە کە وتن و پە شیمانی بە رۆکی گرتنە وە. لە سووریە ش، ئە م بۆنە یە کوردە کان لە عە رە بە کان جوێ دە کاتە وە و تە نیا کوردە کان خاوە نی ئە م بۆنە یە ن. لە عێراقیش هە ر بە هە مان شێوە ی سووریە، بە تایبە ت ئە ورۆ، کە بە شێوە ی یاسایی داننراوە بە فیدراڵی بوونی عێراق

وبوونی پارله مان و ده سه ڵاتی خۆیی گه لی کورد. لێره دایه که کورده کان زیاتر ئه م رۆژه وه ك بۆ نه یه کی سیاسی کولتووری چاو لێده که ن تا نوێ بوونه وه ی ساڵ له م رۆژه دا. ئه م نه ورۆزه، واته نه ورۆزی دوو هه زاروحه وت سه د وچواری کوردی جیاوازه له گه ڵ نه ورۆزه کانی دیکه و ئه مرۆ کورده کان خۆیان له نه ورۆزێکدا ده بیننه وه که داوای نه ته وه ییان له وپه ڕی خۆیدایه وله هه مان کاتدا، ئه مرۆ کورده کان به شێوه یه کی زانستییانه تر له گه ل نه ورۆز و بارودۆخه کاندا هه ڵس و که وت ده که ن. له دوا رسته دا ده توانین ئه وه بڵێین که له گه ڵ نوێ بوونه وه ی ساڵی نوێ و ره نگ دانه وه ی له سروشتدا، پێویسته چیدی گه لانی رۆژهه ڵاتی نێوه راست به ده مار گرژییه وه له داواکانی گه لی کورد نه ڕوانن و له ژێر په رده ی هیچ جیهانبینییه کادا هه وڵ نه ده ن بۆ قڕ کردنی نه ته وه یه ك به ناو نه ته وه ی کوردو له هه مانکاتدا پێویسته له سه ر ئه م نه ته وه یه که تێکۆشانه کانی، واته تێکۆشانی سیاسی و فه رهه نگی و کۆمه ڵایه تی و ئابووری خۆی زیاتر زانستی بکات و له گه ڵ بارووردۆخه جیاوازه کاندا به شێوه یه کی باشتر هه ڵس و که وت بکات.

نه ورۆز و سالی نوێ له سروشت و سه رجه م مرۆڤایه تی، به تایبه ت گه لی کورد، پیرۆز بێت !

21 .03 .2004